# چیتر بوختان بۆ کورد هەڵمەبەستن!

لە هەموو عێراقدا،سەرژمێری گشتی دانیشتوان بکرێت. بێگومان سەرژمێری گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە،هەموو پلان و نەخشەکان بە پێی ئاکامەکانی سەرژمێری دادەڕێژرێن..خزمەتگوزاری،بودجە، ئابووری،پەروەردە،زانینی ژمارەی ڕاستیی پێکهاتە نەتەوایەتییەکان،پلادانان لە هەموو بوارەکاندا،هەمووی پشت بە ئاماری ژمارەی دانیشتووان دەبەستن.ئەگەر ئامارێکی تەواو و وردو ڕاست و دروست لە عێراقدا ببوایە،بەشێکی زۆری کێشەو گرفت و ململانێکانی ئەمڕۆی سەر گۆڕەپانی عێراق ناهاتنە کایەوە..ئەو ستەم و فێڵ وساختەکارییانەش لە دەنگداندا، بۆ هەڵبژاردنی لیست و کاندیدکراوەکان بۆ پەرلەمانی عێراق بەو زەقییە ڕوویان نادا..بە شێوەیەکی دادپەروەری و ڕەواش،سەروەت و سامان و بودجەو پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و گەشەکردن و ئاوەدانی بە پێی ژمارەی هەرێم وپارێزگاکان دابەش دەکران وهیچ لایەک گلەیی وگازندەی نەدەکرد. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کومیسیۆنی باڵای سەرژمێری لە کوردستاندا، هەموو کوردێک ،بۆ سەرژمێری کردنی داهاتوو ئامادەبین،بە تایبەتیش لە کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان.چونکە ئەم سەرژمێرییە بە نیسبەت کەرکوک وئەو ناوچانەوە چارەنووسازن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ باوەشی کوردستانی دایک.ئەمجارەش دەیسەلمێنن کە کورد زۆرینەی کەرکوک و ئەم ناوچانەن.هەر بۆیەش بەرەی تورکمانی و عەرەبەکان لە ئێستاوە ڕازی نین بەوەی کە کورد زۆرینەی پارێزگای کەرکوک بێت.گوایە ئێمە کوردمان لە باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانەوە بۆ شاری کەرکوک هێناوە،ئەم قسەو درۆیانەیان زۆر بێ ماناو بێ بنەمان،هێشتا نیوەی کەرکوکییەکان لەبەر بێ شوێنی نەگەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان. پێویستە میدیاو ڕاگەیاندنە کوردییەکانمان ئەم درۆو دەلەسە هەڵبەستراوانە بەدرۆبخەنەوە. هەر لە ئێستاشەوە ڕۆڵی خۆیان ببین لە باسکردنی گرنگی سەرژمێری وهۆشیارکرنەوەی جەماوەری گەلەکەمان،تا وەکو سەرژمێرییەکانی پێشوو فێڵ و غەدرمان لێنەکەن. لە ئێستاشەوە پێشبینی کەم وکوڕی و گرفتەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە بکەین و بیر لە چارەسەری گونجاویان بۆ بکەینەوە.من بە دووری نازانم هەندێک لە سەرژمێرە عەرەب و تورکمانەکان،لە تۆمارکردنی خێزانە کوردییەکاندا، بە تایبەتیش لە شاری کەرکوکدا،بە ئەنقەست چەواشەکاری لە زانیارییە ڕاستیەکاندا بکەن.

چونکە لە سەرژمێرییەکانی پێشوودا، گەلی کاری ساختەکاری و پروپاگەندەی ناڕەوا لە دژی کورد لە کەرکوکدا کران.زۆر خێزانی کوردمان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە بە ئەنقەست لە لاپەڕەی سەرژمێرییاندا کرابوون،تووشی کێشەو وەرەو برۆیەکی زۆر بوون و پارەیەکی زۆریشیان ڕۆیی تا بەشێک لەو هەڵانەیان ڕاست کردەوە،هەندێ لەو سەرژمێرە تورکمان وعەرەبانە،خۆشییان بە ناوی کوردیدا ناهات،بە تایبەتیش،ئەو ناوانەی کە ئەو پیتە کوردییانەیان تیابوون کە لە تیپی عەرەبیدا نین، دەشیان توانی وەکو خۆیان بیان نووسن بەڵام خۆیان گێل دەکرد و بە ئەنقەست بە هەڵەیان دەنووسین،هەر بۆ نموونە ئەم ناوە ڕەسەنە کوردییانەیان وا دەنووسی«ژیان - زیان،گۆران - کوران،گەوهەر - جوهرە،تارا - گارا،گەلاوێژ - کلاویز،گوڵچین - کولجین،شڤان - شفان،پەیمان - بیمان، چنوور — جنور،شنۆ - شنو،...هتد»،ئەمەو نەخوێندەواری و دڵپاکی وسادەیی هەندێ خێزانی کوردیان دەقۆستەوەو بە عەرەب یا بە تورکمان ناونووسیان دەکردن بێ ئەوەی کە خۆیان بەمە بزانن.من لەو باوەڕەدام کە کۆمەڵێک بروبیانوو وگرفتی نابەجێ دروست بکەن لە پارێزگای کرکوکدا،بە مەبەستی ناونووس نەکردنی ژمارەیەکی زۆری خێزانی کوردەکان، دەستێکی شۆڤێنیش لە پشتی ئەم هەوڵەوە بێت.بۆیە نابێت بە هیچ ساختەکارییەک ڕازی بین.

نووسەری کتێبی« مێژووی نوێی کورد»مێژوونووس «دیڤید ماکدال»لە مەڕ ڕێکەوتنامەی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠وە دەڵێ:"مستەفا بارزانی ئەوەی ڕەتکردەوە کە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ بکرێت بە بنەماو پێوەر بۆ پێکهاتەی نەتەوایەتی لە شاری کەرکوکدا،چونکە سەرژمێرییەکی ساختەکاری بوو."بارزانی نەمر ڕاستیکرد کە ئەو سەرژمێرییە ناتەواو و پڕ لە ساختەکاری وچەواشەکاری بوو،لەو کاتەدا مەبەستێکی بەعسییەکانی لەدوواوە بوو. من لە ساڵی ١٩٦٥ دا،قوتابی بووم لە پۆلی«پێنجەمی وێژەیی» لە ئامادەیی موسەڵلا لە شاری کەرکوک،من و چەند قوتابییەکی کوردو تورکمان ناومان وەکو سەرژمێر"عداد" دەرچوو،لە گەڕەکی شۆڕیجەی سادە کورد نشیندا، هەر یەکە لە چلەوە تا شەست خێزانی کوردمان درایە کە سەرژمێریان بکەین. ماڵیشمان هەر لە شۆڕیجە بوو.پێشیان وتین تەنها ناوی ئەو کەسانە تۆمار بکەن کە لەو ماڵەدا ئامادەن،ئەگەر کەسێکی ئامادەنەبوو تۆمار بکەن،قورسترین سزا دەدرێن.ئێمە لەوە گەیشتین کە لە ئامادەنەبوو مەبەستیان کێیە؟هەموو قوتابییە کوردەکان زۆر دڵسۆزو جێی بڕواو متمانەی یەکتری بووین،پێکەوە دانیشتین و بڕیاماندا،ئەوەی کوڕی یا پیاوی پێشمەرگەن تۆماریان بکەین،ئەم نهێنییەش نەدرکێنین، ئەوەی بە خەیاڵیشمان ناهات ئەوهەڕەشەو سزا قورسە بوو.پێشیان وتین کاتی دیاری کراو لە هەشتی بەیانییەوە بۆ هەشتی ئێوارەیە. شەست خێزان کەوتە لای من،بۆ ئەوەی تەنها هەڵەیەکی بچووکیش نەکەم،تا لە داهاتوودا نەبێتە کێشە بۆیان،زۆر بە وردییەوە،ناوەکان و زانیارییەکانم تۆماردەکردن،لە کاتژمێری تەواوی دەی ئێوادارەدا دوا خێزانم تەواوکرد و، هەستم بە ئاسوودەیی ویژدانم کرد.کۆڵانەکەی پێش کۆڵانەکەی من،برادەرێکی تورکمانی لێبوو کە لە پۆلکەم بوو.کە لەویوە ڕەتبووم چەند خێزانێک لە دەرەوە بوون کە منیان بینی سەریان سوڕما کە تا ئەو کاتە ماومەتەوە.وتیان ئەوەی ئێمە لە کاتژمێری دووی دوای نیوەڕۆ ڕۆیی، نیوەی خێزانەکانی تەواو نەکردووە،ئافرەتێکیان وتی ،خواردنیشم بۆ دانا نەیخوارد.دوایی تر زانیم کە هەموو ئەو سەرژمێرە تورکمانانەی کە کەوتبوونە گەڕەکی شۆڕیجەوە تا کاتژمێری دوو مابوونەوەو لە هیچ ماڵێکیش نانیان نەخواردبوو؟کە گەڕامەوە بۆ شوێنی تەسلیم کردنی تۆمارەکان، کە لە بینایەی بەلەدیی شۆڕیجە بوو لە گەڕەکی پیریادیدا،بەرپرسەکەمان کە عەرەب بوو،زۆر نەڕانی و قیرانی بەسەرمدا،وتی ئێمە چوار کاتژمێرە چاوەڕێی جەنابتان دەکەین بۆ دواکەوتن؟منیش وتم خێزانەکان زۆربوون و منداڵیشیان زۆر بوو.وتی دوایان ببڕێتەوە، تۆماریانت نەکردایە.زۆری وت، منیش لەبەر ئەوەی ناوی چوار پێشمەرگەم تۆمار کردبوو،بێدەنگی و وەڵام نەدانەوەم بە باش زانی. بۆ دوو بەیانیش کە ئەو هاوڕێ تورکمانەی پۆلەکەمان بینی،لێیم پرسی،بۆ لە کاتژمێری دووەوە گەڕابوویتەوەو نیوەی زیاتری خێزانەکانت تەواو نەکردبوو؟ لە وەڵامدا وتی:"خۆ هەرمن نا زۆری کەش تەواویان نەکردبوو و گەڕانەوە." زۆرم لا مەبەست بوو کە هۆی ئەوە بزانم کە بۆچی هەموو ژمێریارە تورکمانەکان وەکو تەگبیریان کردووبێ تەواویان نەکردبوو و لە دووەوە گەڕابوونەوە ؟ تا ئەو هاوڕێیەم درکاندی و وتی:"پێیان وتین تا کاتژمێری دوو زیاترنەمێننەوە،ئەگینا لە شۆڕیجەدا سەرتان دەبڕن»هەرچەندم کرد پێم بڵێ کە کێ وای پێوتوون پێینەوتم..هەر بەو هاوڕێیەم وت:"تا ئێستا بیستووتە تورکمانێکیان لە شۆڕیجە یا هەر گەڕەکێکی تری کوردی سەربڕبیێ؟" وتی:"لە ڕاستیدا نەم بیستووە." وەنەبێ تەنها لە گەڕەکی شۆڕیجەدا وایان کردووبێ،بەڵکو لە گەڕەکە کوردییەکانی تری کەرکوکدا خێزانێکی زۆریان تۆمار نەکردبوو.لە ئەنجامی ئەو هەڵانەی بە ئەنقەستیش کردبوویان،بوونە گرفت وکێشەی وەرەو بڕۆی چەند مانگێکی ئەم دایرە ئەو دایرەو،پەڵپ گرتن و خاوە وەرگرتن لەوخێزانە کوردە هەژارانەمان..لە سەرژمێرییەکەی ساڵی١٩٧٧ بەعسییەکان هەر عەرەبیان دانا بۆ سەرژمێری کردن،من ئەو کاتە مامۆستا بووم لە قوتابخانەی ێهیب کە پێشتر ناوی - مەشخەڵ - بوو.جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە خەڵەفی ناوبوو خەڵکی فەلووجە بوو،بەعسییەکی - دە هەزارییەکان - بوو،بەڕێکەوت ماڵ ئێمەو کۆمەڵێ خێزانی تری کورد لە گەڕەکی بوڵاق کەوتینە لای خەڵەف،لەگەڵ ماڵی سەید عەلی بەرزنجی کە پیاوێکی بە تەمەن بوو دیوارێک نێوانمان بوو،خەڵەف سەید عەلی بە عەرەب نووسیبوو،وتبووی بەرزنجی عەرەبن،ئەوەتا مامۆستا عادیل ی کوڕت خۆی بە عەرەب نووسیوە،ئەم کێشەیە گەیشتە لای پارێزگاری کەرکوک،پارێزگاریش سەید عەلی بانکرد و پێی وتبوو تۆ کوڕەکەت خۆی بە عەرەب نووسیوە،چۆنەبێ تۆ خۆت بە کورد بنووسی؟ سەید عەلیش بەبێ ترس وتبووی:"من کوردم و ئەژداو ئاباشم هەر کورد بوون ،بەرزنجییەکان هەر کوردن وعەرەب نین،ئەوەی نکوڵی لە نەتەوەی خۆی بکات حەرامزادەیە،ئەگەر کوڕەکەشم خۆی بەعەرەب نووسیبێ بە کوڕی خۆمی نازنم و زۆڵە " بەڵێ ئەوە دوو نموونە بوون دەربارەی سەرژمێری کە من پێم زانین،ئاخۆ دەبێ چەندەها غەدرو فێڵی تر هەبن و پێمان نەزانیبن ،بۆیە پێویستە لە سەرژمێری داهاتوودا وریابین ساختەکاری و فێڵمان لێنەکەن..چیتریش بوختانی بێ بنەما بۆ یمەی کورد هەڵنەبەستن.



**ڕەزا شوان / نەرویج**

**سەرچاوە: دەنگی سەربەخۆ**

# ژیانی عێراقیەکان لەنێو بودجەی مەزەندەکراودا



بێگومان عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندەو بەیەکێک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان دەناسرێ، بەڵام دانیشتووانەکەی لە هەژاری و دەردەسەریدا بەسەر دەبەن.

میزانیەی عێراق بۆ ساڵی 2009 بە حەفتا ملیار دۆلار مەزەندە کرا، کە زیاتر لە 17 ملیار دۆلار بۆ بواری بەرهەمهێن تەخان کرابوو. هەروەها میزانیەی ساڵی 2010 بە نزیکەی 73 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێ. ئەمەش بە پێوانەکردن بە بودجەو میزانیەی وڵاتانی دراوسێی عێراق یەکجار بەرزە. تەنانەت وڵاتێکی وەک سوریا کە دانیشتوانەکەی زۆر لە دانیشتووانی عێراق کەمتر نیە، کەچی بۆ میزانیەی ساڵی 2010 تەنیا 16 ملیار دۆلار تەرخان کراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ماکینەی سەربازی ئەو وڵاتە بە بەراورد لەگەڵ عێراق یەکجار باڵاترە، ساڵانە بودجەیێکی زۆر بۆ بواری سەربازی تەرخان دەکات.

وێڕای هەموو ئەوانەوە حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات کە 19 ملیار دۆلار لە بودجەی عێراق کەمی هێناوە، بۆیە لە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی قەرزی وەرگرتووە، هەروەها دەخوازی ژاپۆن و وڵاتانی دیکەش لانی کەم 14 ملیار دۆلاری بە قەرز پێبدەن!

کاتێک لە میزانیەی عێراق ورد دەبینەوە کە دانیشتووانەکەی ناگاتە 27 ملیۆن کەس، هەروەها بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەو بیناسازیش قۆناغی هێندە پێشکەوتوویان بەخۆیان نەبینووە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە نارێکی وبێسەرو بەری لە مزاختنی دا هەیە. واتە شێوەی بەکارهێنانی ئەو میزانیەیە پێچاوپێچی زۆری تێدەکەوێ، دەنا دەبێ گەلی عێراق زۆر بە تێری بژیت، کەچی بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی دەزگە ئاکادیمیەکان و سەرچاوەکانی هەواڵ زۆرینەی خەڵکی عێراق لە هەژاری و برسێتیدا بەسەر دەبەن، تەنانەت کار بە فرۆشتنی ئەندامانی خێزان و جەستەی خۆشیان گەیشتووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرۆکوەزیران 2 ملیۆن دۆلار وەک موچە بۆ خۆی هەڵدەگرێ. ئەو مووچەیەش دەکاتە مووچەی زیاتر لە شەش هەزار کارمەندو فەرمانبەری دەوڵەت.

ئێمە دەزانین و دەڵێین کە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکی گەورەو بەهێزو پڕپارەیە، کەچی مووچەی سەرکۆماری ئەمریکا تەنیا چل و هەشت هەزار دۆلارە. واتە مووچەی ئەندام پەرلەمانێک و وەزیرێکی عێراقی زۆر لە مووچەی سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهان زۆرترە.

بێگومان هەرێمی کوردستان ڕێژەی 17% لە بودجەی عێراق بۆ خۆی وەردەگرێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە فەرمی تەنیا لە سێ پارێزگا پێکهاتووە. لە کوردستانیشدا هەژاری و برسێتی بەرچاوە.

ئەگەر بودجەی هەرێمی کوردستان و وڵاتێکی وەک ئوردەن بەراورد بکەین، دەبینین کە ئوردەن زۆر لە دواوەی هەرێمی کوردستان دایە، بەڵام ئایا شارەکانی هەرێمی کوردستان بە ئەندازەی شارەکانی ئوردەن گەشەیان کردووەو پێشکەوتوون؟!

عێراق بەو هەموو بودجە زۆرەیەوە سیماو روخساری لە وڵاتێکی کەمدەرامەت دەچێ. شارەکان لە خزمەتگوزاریەکان بێبەشن یان کێماسی زۆر لە خزمەتگوزاریەکاندا هەیە. تەنانەت ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری عێراق لەدەست بێ کارەبایی و نەبوونی ئاوی خواردنەوە، باشترین بەڵگەن کە میزانیە زۆریکیێ عێراق، کەمی بەکار دەهێنرێ، بەڵام هێشتا هیچ لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ بەفیڕۆدان و دزی ئەو پارانە نەکراوە کە ساڵانە لە میزانیەی عێراق دەکرێن.

عێراق لە ڕووی ڕێگەو بانەوە بەیەکێک لە خراپترین وڵاتانی جیهان دادەندرێ، ساڵانە هەزاران کەس بەهۆی خراپی ڕێگەوبانەوە گیان لەدەست دەدەن.

شارەزایانی بواری ئابووری پێیانوایە کە بودجەی عێراق ئەگەر بە ڕێک و پێکی سەرف بکرێ، لە توانای دا هەیە لە ماوەی پێنج ساڵدا وڵات بەرەو ئاوەدانی و پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەر ببات، بەڵام ئەو گەندەڵییەی کە دامودەزگەکانی دەوڵەتی گرتۆتەوە، بواری پێشکەوتنی لێگرتوە، ژێرخانی هەڵتەکاندوە. بۆیە ئەگەر دەستوبرد نەکرێ، وەک وڵاتێکی پاشکەوتوو دەمێنتەوەو گەلەکەیشی لە برسێتی و نەداریدا دەتلێتەوە.

بودجەی عێراق وەک تەقینەوەکان گیانی خەڵکی دروێنە دەکات. ئەگەر تیرۆریستان بە کردە خۆکوژی و تەقینەوەکانیانەوە گەلی عێراقیان هەراسان و داغان کردووە، دەستەڵاتدارانی عێڕاقیش بە تەخشان و پەخشان کردنی بودجەی وڵات دانیشتووانەکەیان هەراسان و برسی و سەرگەردان کردووە. بەهەزاران عێراقی بەناچاری ڕوویان لە هەندەران کردووە.

ئێستا خەڵکی عێراق دەپرسن کە ئایا سەرمایەی عێراق بۆ کوێ دەچێ و لە گیرفانی کێدا دەشاردرێتەوە؟! بەڵام بەرپرسێکی باڵا بوێری ئەوە ناکات کە بەرۆکی حکومەت بگرێ و پێی بڵێ: ئەوە تۆیت کە سەرمایەی عێراقیەکان دەشاریتەوەو بەسەر خۆت و حزبەکەتدا بەشی دەکەیت.

گریمان ساڵانە 19 ملیار دۆلار لە بواری بەرهەمهێناندا مزاخت دەبێ، ئەی باشە ئەگەر وایە کوانێ سەرمایەگوزاریەکانی ئەو وڵاتە؟!

ئایا بە چەند ملیار دۆلار کێشەی بێ کارەبایی لە سەرتاپای عێڕاق بنبڕو چارەسەر نابێت؟!

بەرپرسانی حکومەتی عێراق دەزانن و دەبینن کە خەڵکی وڵاتەکەیان لە برسێتی و هەژاریدا بەسەر دەبەن، ئەی بۆ وەک بەریتانیا تەقەشوف ڕاناگەیەنن؟! ئایا ئەگەر مووچەی بەرپرسە باڵاکان کەمبکرێتەوە، ناتوانرێ بەشێک لەو کورتیهێنانەی بودجەی پێچارەسەر بکرێت؟!

بێگومان ئەگەر مووچەی بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت وەک مووچەی بەرپرسانی وڵاتێکی وەک ئەڵمانیای لێبکرێ، ئەوکاتە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ خەزێنەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە. ئاخر مووچەی مانگانەی ئەنجێلا مێرگل، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ناگاتە 23000 یۆرۆ. ئایا سەرۆکوەزیرانی عێراق و هاوشێوەکانی ناتوانن بە مووچەیێکی هاوشێوەی ئەنجێلا مێرگل ژیانێکی شاهانەی پێبەسەر ببەن؟! ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی عێراق خانووی تایبەتی خۆیان هەیە و لە موڵکی دەوڵەت گلیان داوەتەوە.

**شیرکۆ شاهانی**